# بنیاتی وەسف بە گوێرەی جۆرەکانی بگێڕەوە لە ڕۆمانەکانی (حسام بەرزنجی)دا

**ID No. 3682**

(PP 167 - 179)

https://doi.org/10.21271/zjhs.24.5.11

**حەسەن یوسف کەریم**

بەشی کوردی - کۆلێژی زمان / زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر

**وەگـــــرتن : 2020/07/21**

**پەسندکردن : 2020/10/14**

**بڵاوکردنەوە : 2020/12/10**

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە کە بە ناونیشانی (بنیاتی وەسف بە گوێرەی جۆرەکانی بگێڕەوە لە ڕۆمانەکانی (حسام بەرزنجی)دا)یە، هەوڵێکە بۆ دەرخستن و گرنگیی تەکنیکی وەسف لە ڕۆمانەکانی (بەرزنجی)دا.

تەکنیکی وەسف پێکهاتەیەکی گرنگە لە ڕۆماندا و پەیوەندی بە کارەکتەر و شوێن و کاتی گێڕانەوەوە هەیە و بە گوێرەی جۆری بگێڕەوە و دەسەڵاتی لەبنیاتانی ڕۆماندا، لەنێوان نەریتی و نوێدا مامەڵەی جیاوازی لەگەڵدا کراوە.

ناکرێت ڕۆمانێك بەبێ وەسف بئافرێندرێت، بۆیە وەسف لەپاڵ گفتوگۆدا، بووەتە هۆیەکی سەرەکی لەپرۆسەی گێڕانەوەی دەقە گێڕدراوەکاندا .

بگێڕەوە لەنێو ڕۆماندا هەندێ وەسف بە درێژی و هەندێ بە کورتی دەکات، هەندێ لە وەسفەکان جووڵاو، و هەندێکیان وەستاون، هەمووشیان بۆ ئەوە ڕێکدەخرێن، تا چێژ بە خوێنەر و جوانیش بە دەقەکە ببەخشن .

لەم توێژینەوەیەماندا بە دوو بەش باسی تەکنیکی وەسفمان کردووە. لە بەشی یەکەمدا بە دوو تەوەر باسی بنیاتی وەسفمان کردووە بە گوێرەی جۆرەکانی بگێڕەوە لە ڕۆماندا. لە تەوەری یەکەمدا وەسفی دەرەکی و لە تەوەری دووەمیشدا وەسفی دەروونیمان خستۆتەڕوو.

لە بەشی دووەمیشدا بنیاتی وەسفمان بە گوێرەی هەردوو جۆری بگێڕەوەی هەمووشتزان و هەمانشتزان لە ڕۆمانەکاندا پراکتیزە کردووە، دواتر گرنگترین ئەو ئەنجامانەی پێیگەیشتووین، بە چەند خاڵێك خستوومانەتە ڕوو، لەکۆتاییدا لیستی ئەو سەرچاوە کوردی و عەرەبی و فارسییانەمان تۆمارکردووە، کە سوودمان لێ بینیون.

**کلیلە وشە:** وەسف، بگێڕەوە، هەمووشتزان، هەمانشتزان، بەرزنجی.

## 1. پێشەکی

تەکنیکی وەسف پێکهاتەیەکی گرنگە لە ڕۆماندا و پەیوەندی بە کارەکتەر و شوێن و کاتی گێڕانەوەوە هەیە و لەهەردوو جۆری ڕۆمانی نەریتی و نوێدا بەکارهاتووە، بەڵام بە گوێرەی جۆری بگێڕەوە و دەسەڵاتی لەبنیاتانی ڕۆماندا، لەنێوان نەریتی و نوێدا مامەڵەی جیاوازی لەگەڵدا کراوە و ڕەخنەگرانیش بۆچوونی جیاوازیان لەبارەی گرنگیی ئەم تەکنیکەوە خستۆتە ڕوو.

هەر چۆنێك بێت ناکرێت ڕۆمانێك بەبێ وەسف بئافرێندرێت، هەر لەبەر ئەوەشە وەسف لەپاڵ گفتوگۆدا، بووەتە هۆیەکی سەرەکی لەپرۆسەی گێڕانەوەی دەقە گێڕدراوەکاندا.

بگێڕەوە لەنێو ڕۆماندا هەندێ وەسف بە درێژی و هەندێ وەسف بە کورتی، هەندێك بە تایبەتی و هەندێکیش بە گشتی دەکات، جگە لەمەش هەندێ لە وەسفەکان جووڵاو و هەندێکیان وەستاون. هەموو وەسفەکان لەنێو دەقدا بۆ ئەوە ڕێکدەخرێن، تا چێژ بە خوێنەر لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە، جوانی بە دەقەکە ببەخشن.

لەم توێژینەوەیەدا پشت بە ڕەخنەی (تیۆری و پراکتیکی) دەبەستین بۆ ئەوەی بەپێی تایبەتمەندییەکانی ئەم ڕەخنەیە، هونەری وەسف و گرنگیی لەنێو پێکهاتەی ڕۆماندا پیشان بدەین .

پلانی توێژینەوەکە: نەخشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی باسەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

ئێمە لەم توێژینەوەیەماندا، بە دوو بەش باسی هونەری وەسف دەکەین. لە بەشی یەکەمدا بنیاتی وەسف بە گوێرەی جۆرەکانی بگێڕەوە لە ڕۆماندا بە دوو تەوەر باس دەکەین. لە تەوەری یەکەمدا وەسفی دەرەکی و لە تەوەری دووەمیشدا وەسفی دەروونی دەخەینەڕوو.

لە بەشی دووەمیشدا بنیاتی وەسف بە گوێرەی جۆرەکانی بگێڕەوە لە ڕۆمانەکاندا بەمشێوەیە پراکتیزە دەکەین:

1- بە گوێرەی بگێڕەوەی هەمووشتزان.

2- بە گوێرەی بگێڕەوەی هەمانشتزان.

دواتر گرنگترین ئەو ئەنجامانەی پێیگەیشتین بە چەند خاڵێك خستوومانەتە ڕوو، هەروەها سەرچاوەگەلێکی کوردی و عەرەبی و فارسی بۆ ئەم توێژینەوەیە سوودیان لێ وەرگیراوە.

2. بنیاتی وەسف بە گوێرەی جۆرەکانی بگێڕەوە لە ڕۆماندا

وەسفی دەرەکی:

**1- وەسفی ڕوخساری کارەکتەر**

بگێڕەوەی هەمووشتزان، کە جێناوی کەسی سێیەمی نادیاری (ئەو) بەکاردەهێنێت بە شێوازی ناڕاستەوخۆ وەسفی کارەکتەر دەکات و ((یەکێك لە پایە گرنگەکانی کارەکتەرسازی ناڕاستەوخۆ، وەسفی ماتریالیی کارەکتەرەکانە. لەم جۆرە وەسفەدا حیکایەتخوان سوود لە وەسفکردنی باڵا و دەم و چاو و جل و بەرگ و سیمای دەرەوەی کارەکتەر وەردەگرێت، بۆ ئەوەی وێنەیەکی بەرجەستەی ئەومان پێشکەش بکات)). (ئەڵوەنی، 2009، ل130). بەمەش بگێڕەوە دەسەڵاتی تەواوی هەیە بە مەبەستی پیشاندانی ڕوخساری دەرەوەی کارەکتەرەکان. هەروەها زۆربەی لایەنەکانی ڕەهەندی فیزیکی، وەکو کورتی و درێژی باڵا و پۆشاك و ئەو کەرەستانەی بەکاری دەهێنێت، وێنە دەکێشێت و بۆ خوێنەری دەگوازێتەوە، چونکە ((جل و بەرگ گوزارشت لە جەستەی خاوەنەکەی دەکات)). (شێخانی، 2014، ل62). بۆ نموونە ئەو جلەی کارەکتەر دەیپۆشێ، گوزارشتە لەباری ئابووری و کۆمەڵایەتیی و دەروونی کارەکتەر.

بگێڕەوەی هەمانشتزانیش توانای وەسفی ڕوخساری کارەکتەرەکانی هەیە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ڕووانگەی کارەکتەری سەرەکییەوە بە جێناوی (من) وەسفی ڕوخساری خۆی و کارەکتەرەکانی دیکە دەکات.

هەندێ جار بگێڕەوە ((تەنها لەدەرەوە شتەکان دەبینێت و شۆڕ نابێتەوە ناخی کەسەکان و ناچێتە شوێنیان و نازانێ بیر لە چی دەکەنەوە و هەست بە چی دەکەن، بۆیە هەر لەدیوی دەرەوەی ئەو کەسانە دەوەستێت و بە شێوازێکی بابەتی چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە)). (سابیر، 2001، ل243). کە ئەمەش (ژیرار ژینێت) پێی دەڵێت (تیشکۆی دەرەکی)، ((لەم شێوەیەدا کارەکتەر لەپێشمان دەجووڵێتەوە، بێ ئەوەی ڕێ بدات بیروبۆچوونەکانی بزانین. لێرەدا بگێڕەوە کەمشتزانە)). (جینیت، 1998، ص201-202).

لە ڕووانگەی (ئەو)ی سنووردراردا بگێڕەوە کەمشتزانە و ڕووانگەی کارەکتەرێکی سەرەکی، یان لاوەکی دەکاتە ڕووانگەی خۆی و لەڕێی ئەوەوە وەسفی کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمان دەکات. بە واتایەکی تر ئەوەی کارەکتەر نەیبینێت، بگێڕەوە ناتوانێ باسی بکات، بەمەش بگێڕەوە لە ڕووبەرێکی سنووردراردا دەخولێتەوە و ناتوانێ بچێتە نێو ناخی کارەکتەرەکانەوە و وەسفی ئەوێمان بۆ بکات و هەست و حەز و خولیایان لە نزیکەوە ئاشکرا بکات، تەنیا وەسفی ڕوخساریان دەکات. هەروەکو (مستەفا مەستور) لە باسی ڕووانگەی ئەم بگێڕەوەیەدا دەڵێت: ((ئەم ڕووانگەیە بەیەکێك لەلقەکانی ڕووانگەی بگێڕەوەی کەسی سێیەم دادەنرێت. لەم ڕووانگەیەدا بگێڕەوە وەکو بگێڕەوەی هەمووشتزانە، بەڵام تەنیا گوزارشت لەوە دەکات کە دەیبینێت)). (مستور، 1384، ص38).

ئامانج لە شێوەی درامی ئەوەیە، خوێنەر ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی کارەکتەرەکان ببێتەوە، کارەکتەرەکان لەسەر سەکۆی شانۆ نمایش دەکەن و خوێنەر وا هەست دەکات، لە ئێستادا ئامادەیی لەنێو ڕووداوەکاندا هەیە، بۆیە ئەم جۆرە شێوازە بۆ خوێنەر چێژبەخشە .

بگێڕەوەی کەمشتزان لەڕێی هەردوو هەستی بینین و بیستنەوە وەسفی ڕوخساری کارەکتەرەکان دەکات. ((ئەو بگێڕەوەیە وەکو ئەو چاوە وایە، کە تەنیا شتی بینراو لەسنووری بینیندا دەگوازێتەوە، هەروەها وەکو ئەو گوێچکەیە وایە، کە شتی بیستراو لەسنووری مەودای بیستندا دەبیستێت)). (العید، 1990، ص100). بەمەش دەسەڵاتی بگێڕەوە دیاری دەکرێت، کە توانای ئەوەی نییە نەستی کارەکتەرەکان شیبکاتەوە، تەنیا وەکو کامێرایەکی جووڵاو ئەو شتانەی دەوروبەری دەگوازێتەوە، کە دەکەونە بەر زوومی کامێراکەی بێ ئەوەی توانای هەبێت ئەودیوی ناخیان ئاشکرا بکات. ئەمەش ئەرکی خوێنەر زەحمەت دەکات لە تێگەیشتن و هەڵسەنگاندن و ناسینی کارەکتەرەکان، بەو پێیەی خوێنەر وەکو بینەرێك دەبێت لێکدانەوە و شرۆڤەی کار و کردەوەی کارەکتەرەکان بکات.

**2- وەسفی ماڵ:**

هونەری وەسف لای ڕۆمانووسە نەریتییەکان زیاتر بۆ ڕازاندنەوە لەنێو ڕۆماندا بەکار دەهات، بەڵام لەگەڵ بەرەپێشچوونی هونەرەکانی نووسینی ڕۆماندا، بە تایبەتی ڕۆمانووسانی فەرەنسی لە سەدەی نۆزدەهەمدا، وەسف ئەرکی دیکەی پێ سپێردرا، وەك پیشاندانی سروشتی دەروونیی کارەکتەر و خستنەڕووی تایبەتمەندیی ئەو ژینگەیەی کە ئەوان تیایدا دەژین.

(بەلزاك) وەك پێشەنگێك یەکەم کەس بوو کە ئەرکی وەسفی گۆڕی و پێی وایە کە ((یەکێك لە هۆکارەکانی تێگەیشتنە لە کارەکتەر، چونکە ئاوێزانێك لەنێوان کارەکتەر و دەوروبەرەکەیدا هەیە. وەسف لای ئەم ڕۆمانووسە ڕاڤەیە بۆ سروشت و مەزاجی کارەکتەرەکان. وەسفی ماڵ یان شوقە، بە مانای کێومالّکردنی ناو ئەم شوێنانە نایەت، بەڵکو بۆ ئەوەیە خوێنەر هەست بە تایبەتمەندیی ئەو کارەکتەرە بکات، کە لەوێدا ژیان بەسەر دەبات)). (رایمون، 2002، ص46 - 47). بەمشێوەیە (بەلزاك) ویستوویەتی لەڕێی وەسفی ڕوخساری کارەکتەر و جل و بەرگ و کەرەستەکانی ناو ماڵی کارەکتەرەوە، وێنەیەکی ریالیزمی جۆری ژیانی ئەومان بۆ بگوازێتەوە نێو ڕۆمانەکانی. لەمبارەیەوە (میشال بۆتۆر) دەڵێت: ((وەسفی ناو ماڵ و کەرەستەکانی جۆرێکە لە وەسفی مرۆڤەکان، کە ناکرێ دەستبەرداری ببین)). (بوتور، 1971، ص53). کەواتە کەرەستەکان ڕۆڵیان هەیە لە پیشاندانی مێژووی ژیان و ئاستی کۆمەڵایەتیی مرۆڤەکان لەو قۆناغەدا. بە واتایەکی تر هەموو وەسفێك ڕۆڵی هەیە لە ئەفراندنی واتا لەنێو دەقدا، یان لە وێناکردنی قۆناغ و سەردەمێکی دیاریکراودا.

لە ڕۆمانی نەریتیدا، شوێن تەنیا چوارچێوەیەك بوو بۆ لەخۆگرتنی ڕووداوەکان و جووڵانەوەی کارەکتەرەکان، بەڵام ئەم تێڕوانینە بۆ شوێن بەسەرچووە و ئێستا لە ڕەخنەی نوێدا شوێن توخمێکی گەوهەرییە لە بنیاتنانی ڕۆماندا و فرەڕەهەندییەو ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە بنیاتنانی کارەکتەرەکاندا، کە تیایدا کاریگەری لەسەر باری دەروونی و کۆمەڵایەتی و جۆری بیرکردنەوەی کارەکتەرەکان هەیە ((ڕەهەندی کۆمەڵایەتی پێویستییەکی گرنگی ڕێگەی هونەرییە، چونکە ڕێگەی هونەری باش، بینای پتەوی کۆمەڵایەتییە، بۆ نموونە ماڵ تەنیا ژوور و پانتایی ناوەوە و چنراوەکانی تر نییە، بەڵکو چۆنییەتی ژیانە تێیدا، هونەر ئەو چۆنیەتییەیە، ئەو پراکتیکە کۆمەڵایەتییەیە، کە دەورەکان ئاڵووێر دەکات، کارەکتەرەکانی تێدایە... کەواتە ماڵ بینای کۆمەڵایەتی خێزانە، ئەو ڕێکخستنە مادییەیە، کە خێزانێك لەخۆدەگرێت و پارێزگاری لێ دەکات و بەناوی ئەو خێزانەوە ناودەبرێ)). (محەمەد ساڵح، 2011، ل47)، بەڵام ئەم توخمە بە تەنیا ناتوانێ ئەو ڕۆڵە گرنگە ببینێت، ئەگەر لە پەیوەندییەکی تەواو بەناویەکداچوودا نەبێت لەگەڵ توخمە سەرەکییەکانی تری ڕۆماندا، لەبەر ئەوە شوێن ((بێ پەرەسەندنی قارەمان و گەشەکردنی ڕووداو و بەرجەستەبوونی شێواز، بەهایەك پەیدا ناکات)). (عارف، 2008، ل191). هەر بۆیە (ئالان ڕۆب گرییێ) پێیوایە: ((زۆر جار لەو کاتەدا وەسف بۆ بنیاتنانی دیکۆر و دیاریکردنی چوارچێوەی ڕووداو، و وێنەکێشانی شێوەی فیزیکی پاڵەوان و کارەکتەرە سەرەکییەکان بووە، بەمانە هەوڵیدەدا قەناعەت بە خوێنەر بکات بە هەبوونی واقیعێکی بابەتی دەرەوەی ئەدەب، جیهانێك پێدەچێت ڕۆمانووس هیچ نەکات تەنیا وێنەی بکێشێت و کۆپی بکات و تەواو بیگوازێتەوە وەك ئەوەی ئێمە لە بەرانبەر چیرۆکێکی مێژوویی، یان ژیاننامەیەك، یاخود هەر بەڵگەنامەیەکدا وەستابین)). (جرییە، د. ت، ص129 – 130). کەواتە ڕۆمانووس بە وەسفی ماڵ و کەرەستەکانی ناوی و وەسفکردنی ڕوخساری دەرەوەی کارەکتەرەکان، دەیەوێت دیمەنی دەرەوەی ئەوانمان پیشان بدات، بەڵام بەوەندە ناوەستێت، بەڵکو دەیەوێ دیوی ناوەوەی کارەکتەرەکانمان پیشان بدات. کە لە تەوەری دووەمدا بە وردی باسی دەکەین.

**3- وەسفی سروشت:**

شوێن توخمێکی سەرەکی پێکهاتەی تەلاری ڕۆمانە و هاوشانی توخمە پێکهێنەرەکانی ترە، بگێڕەوە ڕۆڵی هەیە لە پیشاندانی شوێن بە خوێنەر و بەستنەوەی بە توخمەکانی دیکەی ڕۆمانەوە. وەرگرتنی هەندێ ناوی شوێنی ڕاستەقینە لەلایەن بگێڕەوە و پێشکەشکردنی بە شێوەیەکی هونەری لە ڕۆماندا بۆ ئەوەیە هەستی واقیعییەت لای خوێنەر دروست بکات.

بگێڕەوە لەڕێی وەسفی شوێنی ڕووداوەکانەوە، بەهایەکی ئیستاتیکی بە دەقەکە دەبەخشێت، چونکە وەسفی شوێن ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە گواستنەوەی ڕووداوەکان و پێشکەشکردنی دیمەنەکانی ژیانی کارەکتەر بە خوێنەر، هەروەکو (احمد زياد محبك) وای بۆ دەچێت کە ڕەنگە وەسف ((ئامرازێکی سەرەکی بێت لە وێنەکێشانی شوێندا، هەوڵێکیشە بۆ بەرجەستەکردنی دیمەنێکی جیهانی دەرەکی لە تابلۆیەکدا کە بە وشە دروستکراوە و نووسەریش کاتێ وەسفی دەکات، وەسفی واقیعێکی پەتی ناکات، بەڵکو واقیعێك کە بەشێوەیەکی هونەری پێکهێنراوە)). (محبك، 2005، ص35).

بگێڕەوە ئەم وێنانە بە شێوەیەکی هونەری دەگوازێتەوە نەك کت و مت وەك خۆی. ڕووانگەی بگێڕەوە و ئەو جێناوەی بەکاری دەهێنێت، پێگەی بگێڕەوە و ڕۆڵی بگێڕەوە لە پیشاندانی جۆری وەسفەکان لەنێو دەقدا دیاری دەکات. ئەگەر ڕووانگەی بگێڕەوە جێناوی (ئەو)ی کەسی سێیەم بێت، ئەوا بگێڕەوە وەسفێکی گشتی کارەکتەرەکان و شوێنەکان دەکات و ڕواڵەتی دەرەوەیان

پیشان دەدات، تەنیا لەو بارەدا نەبێت، کە بە چاوی کارەکتەرێکی نێو ڕۆمان دیمەنەکان بگوازێتەوە، لەو کاتەدا بگێڕەوە توانای ئەوەی هەیە دیوی ناوەوەی کارەکتەرەکان وەسف بکات.

ئەگەر ڕووانگەی بگێڕەوە جێناوی کەسی سێیەمی (ئەو)ی بێ سنوور بێت، ئەوا بگێڕەوە بۆ وەسفی کارەکتەرەکان شۆڕ دەبێتەوە ناو ناخی ئەوان و هەروەها بە شێوەیەکی ورد دیوی دەرەوەی ئەوان و شتەکان بۆ خوێنەر وەسف دەکات، بەمەش وەسف پەیوەندییەکی پتەو و تێکچڕژاوی بە شێوازی گێڕانەوە و ڕووانگەی بگێڕەوەوە دەبێت، چونکە ((لە شێوازی گێڕانەوەی بابەتیدا وەسف هۆیەکە لە هۆیەکانی بنیاتنانی دەق لەلایەن بگێڕەوەی هەمووشتزانەوە، کە بە هۆی ئەوەوە چوارچێوەی کات و شوێنی ڕووداوەکان و ڕەفتار و سروشتی کارەکتەرەکان دیاری دەکات)). (ابراهیم، 1990، ص180). هەروەها بگێڕەوە ئەو ژینگەیەی کارەکتەر تێیدا دەژی فەرامۆش ناکات، لەم شێوازی گێڕانەوەدا هەمووی بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکات.

وەسف ئامرازێکە بەدەست بگێڕەوەوە بۆ گێڕانەوە لەپاڵ تەکنیکەکانی تر بۆ دەرخستنی لایەنی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و دەروونی و جوانکاری و... هتد. (محەمەد عەزام) بەپێی درێژی و کورتیی وەسفەکان دوو جۆر وەسفی دیاریکردووە: (( 1- وەسفی درێژدادڕ، کە بگێڕەوە هیچ شتێك ناپەڕێنێت و هەموو وردەکارییەکان باس دەکات. 2- وەسفی هەڵچنراو، کە هەندێك شت دەگێڕێتەوە و لە هەندێك لایەندا بوار بە خوێنەر دەدات خۆی مەزەندەی چۆنییەتی بوونی شتەکان بکات)). (عزام، 2005، ص108).

بگێڕەوە لە وەسفی شوێندا هەندێ جار تەنیا بە کورتی و بە چەند وشەیەك وەسفی شوێنێك دەکات، ئەم وەسفکردنە تەنیا ڕۆڵی هەیە لە بەرەوپێشچوونی ڕەوتی ڕووداوەکان و پانتاییەکی فراوان لەنێو دەقدا ناگرێتەوە. جاری واش هەیە بگێڕەوە وەسفێکی دوور و درێژی شوێنی ڕووداو و کارەکتەرەکان دەکات، چونکە شوێن لێرەدا شوێنی سەرەکی ڕووداوەکانە، بۆیە بە وردی تیشك دەخاتە سەر ئەم جۆرە شوێنانە و گرنگیی ئەم شوێنانە بۆ خوێنەر ڕوون دەکاتەوە.

**3. وەسفی دەروونی:**

1- وەسفی دەروونی دەرەکی :

ئەم جۆرە وەسفە زیاتر ڕۆماننووسانی نەریتی پەنایان بۆ بردووە، کە بە شێوەیەکی دەرەکی لەڕێگەی پیشاندانی تووڕەیی و هەڵچوون و سوورهەڵگەران و فرمێسك ڕشتن و جووڵاندنی دەست و سەر، باری دەروونیی کارەکتەرەکانیان وەسف دەکەن بێ ئەوەی بە ناخی ئەواندا شۆڕببنەوە، ئەمەش بەو مانایە نایە، کە ئەوان وەسفی ناوەکییان پشتگوێ خستبێ، چونکە هەردوو ئەم جۆرە وەسفە لەو ڕۆمانانەدا دەردەکەوێ کە بەم شێوە نەریتییە نووسراون.

ڕۆماننوسانی نوێش توانیویانە لەڕێی هەردوو بگێڕەوەی هەمووشتزان و هەمانشتزانەوە وەسفی دەروونی دەرەکی کارەکتەرەکان بکەن.

بگێڕەوەی هەمووشتزان توانای ئەوەی هەیە وەسفی دەروونی دەرەکی تەواوی کارەکتەرەکان بکات. هەندێ جار ئەم بگێڕەوەیە لەڕێی وەسفی ڕوخساری کارەکتەرەوە باری دەروونیی ئەو بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکات بێ ئەوەی بە ناخیدا شۆڕببێتەوە، ئەگەرچی دەسەڵاتی ئەوەشی هەیە.

بگێڕەوەی هەمانشتزانیش وەك لە ناوەکەیەوە دەردەکەوێت، بگێڕەوەیەکە زانیارییەکانی هاوشانی زانیارییەکانی کارەکتەری سەرەکییە، لەڕێی ئەوەوە وەسفی دەروونیی دەرەکی کارەکتەرەکان دەکات و ناتوانێ وەسفی ناوەوەی ئەوانمان بۆ بکات هەرچەندە لێشیانەوە نزیك بێت، تەنیا دەتوانێ لەڕووی دەرەوە باری دەروونییان وەسف بکات. بەمەش ئەم بگێڕەوەیە ((زیاتر پشت بە وەسفی دەرەکی دەبەستێت، واتە وەسفی جووڵە و دەنگی کارەکتەرەکان، بە هیچ شێوەیەك ناتوانێت بە ناخی کارەکتەرەکاندا ڕۆبچێت و بزانێت لە دڵ و دەروونیاندا چی هەیە)). (لحمدانی، 2000، ص48). کەواتە ئەم جۆرە بگێڕەوەیە لەڕێی کارەکتەری سەرەکییەوە باری دەروونیی کارەکتەرەکانی دیکە لە ئەنجامی هەڵسوکەوتی دەرەکییانەوە وەسف دەکات، بە شێوەیەك، کە ئاماژە بێت بۆ هەڵچوونێکی دەروونی ((لەم ئاستەدا ڕۆماننووس دەرفەت بە هەڵقووڵانی هەڵچوونە ناوەکییەکان دەدات، ئەوەی لەناو دەروونیی کارەکتەردا شەپۆلان دەکات. کاتێك کارەکتەر لەژێر کاریگەری ڕووداوێکدا توشی هەڵچوون دەبێت لەم حاڵەتەدا ڕۆماننووس بەشێوەیەکی هێمایی، لەڕێی مەشهەدەوە وەسفی ئەو هەستە دەکات کە بەهۆی ئەو ڕووداوەوە سەری هەڵداوە)). (ئەڵوەنی، 2017، ل197).

**2- وەسفی دەروونی ناوەکی:**

ئەم جۆرە وەسفە زیاتر بگێڕەوەی هەمانشتزان بە کاری دێنێ، لەبەر ئەوەی ئەم بگێڕەوەیە خۆی لە پشت یەکێك لە کارەکتەرەکان دەشارێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش جێناوی (من) بەکاردەهێنێت و ((کات و شوێن و کارەکتەر و ڕووداو هەموویان لە

ڕووانگەی یەکێك لە کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکەوە باس دەکات)). (قاسم، 1994، ص182). لەم شێوە گێڕانەوەیەدا، بگێڕەوە کاردەکات بەو ئاراستەی، کە وێنەی دیوی ناوەوە و پرۆسە دەروونییەکانی کارەکتەرەکان بۆ خوێنەر ئاشکرا بکات. ئەمەش زیاتر تایبەتە بە ڕۆمانی شەپۆلی هۆش. لەم شێوازەدا بگێڕەوە لەڕێی کارەکتەرێکی تر، یان کارەکتەر خۆیەوە وەسف دەکات.

بگێڕەوە لە شێوازی ڕاستەوخۆدا باری دەروونیی کارەکتەرەکان و سۆز و هەڵچوونیان بەهۆی کاریگەریی کارەکتەرەکانی ترەوە لە ئەنجامی بەریەککەوتن و کاریگەرییان بەسەر یەکەوە پیشان دەدات، بۆ ئەمەش تەکنیکەکانی گفتوگۆ و خۆدواندن و فلاشباك بەکاردێنێت، بۆ دەرخستن و ناسینی باری هزری و دەروونییان.

جگە لەم بگێڕەوەیە، بگێڕەوەی هەمووشتزانیش ڕۆڵی هەیە لە دەرخستن و لێکدانەوەی باری دەروونی و زەینیی کارەکتەرەکاندا و لەڕێگەی وەسف و ڕوونکردنەوەوە دەبێتە ڕێنیشاندەرێك بۆ خوێنەر تا زانیاری زیاتر لەسەر ناخی کارەکترکان بزانێت. (تۆدۆرۆف) پێی دەڵێ: ((بینین لەناوەوە و بەوە جیادەکرێتەوە، کە کارەکتەر هیچ لە بگێڕەوە ناشارێتەوە، واتە بگێڕەوە هەموو شتێك لەبارەی کارەکتەرەوە دەزانێت)). (العاني، 1994، ص175). بە ئەنجامدانی ئەم کارەش بگێڕەوە لەبری نووسەر لێکدانەوە بۆ دەروونی کارەکتەرەکان دەکات، بەمەش پەیوەندیی نێوان ڕۆماننووس و دەق ئاشکرا دەبێت.

**3- وەسفی دەروونی ئاوێتە:**

لەم جۆرە وەسفەدا بگێڕەوە هەمووشتزانە و دەسەڵاتی ڕەهای هەیە بۆ ئاشکراکردن و وەسفکردنی هەردوو دیوی دەرەوە و ناوەوەی کارەکتەر و بە ئاسانی لەدەرەوە بۆ ناوەوە و بە پێچەوانەکەشی دەچێت، بە شێوەیەك وەسفێکی ئاوێتەمان پێشکەش دەکات، مەرجیش نییە ئەو کارەکتەرە سەرەکی بێت، بەڵکو بگێڕەوە ئازادە لە وەسفکردنی هەردوو دیوی هەر کارەکتەیێك، کە خۆی هەڵیدەبژێرێت.

یەکێك لە لایەنە ئەرێنییەکانی بەکارهێنانی ئەم جۆرە بگێڕەوەیە لەلایەن ڕۆماننووسەوە ئەوەیە، کە ((بگێڕەوە دەتوانێت جارێك یان زیاتر لە جارێك بەنێو ناخی هەر کارەکتەرێکدا ڕۆبچێت، کە نووسەر هەڵیدەبژێرێت)). (کریس، 2009، ص242)، بۆ ئەم مەبەستەش بگێڕەوە جێناوی (ئەو)ی کەسی سێیەمی تاك بەکاردێنێ.

باری دەروونی کارەکتەرەکانیش ڕەهەندێکی گرنگە، کە بگێڕەوەی هەمووشتزان بە وەسفێکی ئاوێتە دەیخاتەڕوو، ((کە لەبەرئەنجامی کاردانەوەی خود لەگەڵ دەوروبەردا و کاریگەریی دەوروبەر بەسەر خودی ڕەفتارەکانی کارەکتەرەکانی)). (دەوڵەت، 2011، ل 104)، نێو ڕۆمان دەردەکەوێت.

لەگەڵ پەرەسەندنی ئەم ژانرەدا لە فەرەنسا، بە تایبەتی لەسەر دەستی (ڤلۆبێر) ((ئەرکی وەسف گۆڕانی بەسەر داهات و تەنیا بەوە نەوەستا کە لەدەرەوە وەسفی ڕوواڵەت و ڕوخساری کارەکتەرەکان بکات، بەڵکو لەپاڵ ئەمەشدا چووە ناو ناخی کارەکتەرەوە بۆئەوەی دۆخی هەڵچووی ئەومان بۆ ئاشکرا بکات)). (ئەڵوەنی، 2017، ل199). بگێڕەوە ئەمەش بۆ ئەوە دەکات تا زانیاری لەسەر هەردوو دیوی دەرەوە و ناوەوەی کارەکتەرەکان بە خوێنەر بدات و خوێنەر بە مەرام و نیازەکانی کارەکتەرەکان ئاشنا بکات.

**4. بنیاتی وەسف بە گوێرەی جۆرەکانی بگێڕەوە لە نموونەی ڕۆمانەکاندا**

بنیاتی وەسف بە گوێرەی بگێڕەوەی هەمووشتزان:

**1- بنیاتی وەسفی کارەکتەر**

بگێڕەوەی هەمووشتزان کارەکتەرەکان بە شێوەی ناڕاستەوخۆ (پانۆرامی)، کە شێوەی (گێڕانەوەیی)شی پێ دەگوترێت، پێشکەش دەکات و لەم شێوازەدا زیاتر پشت بە وەسف و گفتوگۆ دەبەستێت لە گێڕانەوەدا و کەمتر ڕێ بە لێکدانەوەکانی خوێنەر دەدات .

أ- وەسفی کارەکتەری سەرەکی: لە ڕۆماندا کارەکتەری سەرەکی شوێن و پانتاییەکی زۆری بۆ تەرخان دەکرێت، لەبەر ئەوە ((ناتوانرێت بە یەك ڕستە یان چەند ڕستەیەکی کەم گوزارشتی لێبکرێت)). (مویر، 1965، ص138)، بەتایبەتی لەکاتی بنیاتنانیدا.

بۆ ئەوەی بگێڕەوەی هەمووشتزان هەموو لایەنەکانی ژیانی (شێخاڵ) کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانی (نۆرینگ)مان بۆ ئاشکرا بکات، پێویستی بە کۆمەڵێك لایەن هەیە کە زەمینەسازییان دەوێت، تا لە وێنەکێشانی کارەکتەری سەرەکیدا بڕوا بەخوێنەر بهێنێت و هیچ جۆرە ناکۆکییەك لەنێوان ئەو هونەرانەی کە بەکاریان دێنێ، لەگەڵ هەڵسوکەوتی ئەودا دروست نەبێت. واتە پەیوەندییەکان دینامیکییانە بن، نەك دروستکراوییان پێوە دیار بێت. ئەم جۆرە وەسفانە لەو کاتانەدا بگێڕەوە بەکاریان دێنێت، کە مەبەستی بێت ((دیمەنی دەرەکی کارەکتەر و سنوور و ڕەهەندەکانی شوێن، سیمای شتەکانی ناوی، یان دەوروبەری پێشکەش بکات. ئەمەش

کردەیەکە زەمینە خۆشکردنێکی گەرەکە، کە گێڕانەوەکە ئەنجامی دەدات تاوەکو خوێنەر ئامادە بکات بۆ پێشوازیکردنی، هەروەها بۆ دەرفەتدانە بە وەسف بۆ ئەوەی خۆی ڕابگەیەنێت)). (محفوظ، 2009، ص47).

لەبەر ئەوەی ڕۆمان وێنەی ژیانی کۆمەڵگە دەکێشێ و ژیانیش بێ جووڵە نابێ، کە بوونەوەرەکان بە تایبەتیش مرۆڤ ڕۆڵی سەرەکی لەو جووڵەیەدا دەگێڕێت، لەکاتێکیشدا کە جووڵەی جەستە ڕەنگدانەوەی جووڵەی هزرە، دوای لێکدانەوە هزرییەکانی (شێخاڵ)، ڕەنگدانەوەی لەسەر جووڵەی جەستەی دروست کرد و لەو بەیانییە سارد و سڕەدا، دەستی بە گەشتەڕاوەکەی کرد بە پێچەوانەی ئەو پروپاگەندانەی باسی ئەوەیان دەکرد، کە ساڵێکی شووم و بەدیۆمە و بە کەڵکی ڕاو نایەت.

بگێڕەوەی هەمووشتزان، کە زانیاریی لەسەر دەرەوە و ناوەوەی کارەکتەرەکان هەیە، بەم شێوەیە وەسفی ڕوخساری کارەکتەری سەرەکی و جووڵە دەرەکییەکانی دەکات و دەڵێت: ((هەردوو دەستەکانی خۆی لێیان نزیك کردەوە، کە تینی گەرمییان گەیشتێ، ناو لەپی لەیەك خشاندن و بەدەموچاوی خۆی داهێنا. هەر خێرا خێرا، جگەرەیەکی بۆ دەمی برد، سەری خۆی بۆ پەنگرە ئاگرێ شۆڕ کردەوە)). (بەرزنجی، 2006، ل16).

لە ڕۆمانی (مرۆڤە کۆیلەکان)یشدا، (میرزا حەمەشەریف) کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە دوای ئازادبوونی لە بەندیخانە، کە بە تۆمەتی گەندەڵی زیندانی کرابوو، دەچێتەوە گوندی باپیرانی و گرفتە دەروونییەکانی ساڵانی ڕابردووی جارێکی دیکە سەرهەڵدەدەنەوە و مردنی (پەریخان)ی هاوسەری و (باپیر سەلمان)ی تاکە دۆست و هاوڕێی و تەنیایی و خەم و ئازارەکان و ...هتد، وای لێدەکەن، کە گۆڕانکاری زۆر بەسەر ڕوخساریدا بێ و بگێڕەوەش بەمشێوە وردە وەسفی ڕوخساری (لالۆ میرزا)مان بۆ دەکات: ((پیستی سەر و روخسار و دەست و پەنجەکانی، وەك بڵێ ی لەسەرئاگرێکی نیوەمر دانرابێ، پەیتا پەیتا گرژ هەڵدە گەڕان و چورچو چەوێڵیان دەکەوتێ. لە سەر و ڕیشی سپی و دەمو ددانی بەیەکدا قۆپاوییەوە، وەك پیرێکی رزاوەی سەد ساڵی دەهاتە بەر چاو)). (بەرزنجی، 2015، ل132).

بگێڕەوەی هەمووشتزان، کە دەسەڵاتێکی بێ سنووری هەیە و ئاگاداری دیوی دەرەوە و ناوەوەی کارەکتەرەکانە، هەر بەوەندە ناوەستێ کە ڕوخساری دەرەوەی کارەکتەرەکانمان پیشان بدات، بەڵکو هزر و بیرکردنەوەی ئەوانیش بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکات. لەبەر ئەوەی یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی کارەکتەری سەرەکی، بەشداریکردنی کارایە لەنێو ململانێکاندا، هەر لەسەرەتادا ڕووبەڕووی کێشەکان دەبێتەوە، (شێخاڵ)یش کە کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانی (نۆرینگ)ە، هەر لەسەرەتاوە هەست بەم ململانێیە دەکات و بگێڕەوەش ئەم هەستەی ناوەوەی ئەومان بۆ ئاشکرا دەکات: ((کەتنکەر، دەزانیت منداڵەکانی (مینە بەگ) پێڕاگەیشتوون و عەشیرەتەکەی خۆیان، هەموو کۆکردۆتەوە. هەموو ڕۆژێ هەڕەشە و گەف و گوڕت بۆ دەنێرن و خوێنی باوکیان لەمل تۆ شەتاوە. داوای تۆڵە و داوای بەشە موڵکی خۆیان دەکەنەوە، تۆش گەڕای گەڕای کەست نەدیتەوە ئێمە نەبێ)). (بەرزنجی، 2006، ل17).

بگێڕەوەی هەمووشتزان بە پیشاندانی دیوی ناوەوەی کارەکتەری سەرەکی، زانیاریمان دەربارەی ئەوە پێدەدات، کە (مینە بەگ) بە دەستی (بەکراغە) و پیاوەکانی لە ڕابردوودا لەناوچووە، ئێستاش کە منداڵەکانی پێگەیشتوون داوای خوێنی باوکیانی لێ دەکەن.

لە (مرۆڤە کۆیلەکان)یشدا بگێڕەوە ئەو سەختی و ناخۆشییانەی، کە کارەکتەری سەرەکی لە ژیانیدا پێیدا تێپەڕیوە، دەکاتە مۆنۆلۆگێك و لەزەینی ئەوەوە پێشکەشمانی دەکات: ((لە دڵی خۆیا دەیوت دەبێ مێژوو نوسێك پەیدابێ تا هەموو ئەو شتانەم بۆ بکاتە مێژوو، یان نوسەرێك پەیدا بێت هەموو روداوەکانم بۆ بکاتە چیرۆك !؟)). (بەرزنجی، 2015، ل23). بەمەش بگێڕەوە شۆڕدەبێتەوە ناخی کارەکتەر و وەسفی ناوەوەیمان بۆ دەکات و زانیاریمان دەربارەی بیرکردنەوە پەنهانەکانی پێدەدات.

وەك باسمان کرد، بگێڕەوەی هەمووشتزان وەسفی دەرەوە و ناوەوەی کارەکتەری سەرەکیمان بۆ دەکات و توانای ئاشکراکردنی هەموو لایەنێکی ژیانی ئەم کارەکتەرەی هەیە.

ب- وەسفی کارەکتەری لاوەکی: ڕۆماننووس ژیرانە بەرنامەداڕێژی بۆ ئەفراندنی هەر کارەکتەرێکی نێو ڕۆمانەکانی دەکات، سەرەکی بێت، یان لاوەکی. بەمەش لە گێڕانەوەی هەر ڕووداوێکی نێو ڕۆماندا، لەپاڵ کارەکتەری سەرەکیدا، کارەکتەری لاوەکیش باس دەکرێت. بەو مانایەی کە هەمیشە کارەکتەری سەرەکی ئەنجامی ڕووداوەکان بەلایەکدا دەخات، بەڵام لەگەڵ ئەویشدا هۆکارەکەی فەرامۆش ناکرێت، کە کارەکتەری لاوەکییە، چونکە هیچ کارێك نییە هۆکارێکی لەپشتەوە نەبێت. (بەکراغە) و پیاوەکانی لە (نۆرینگ) و (کاکە شین و دینۆ)ش لە (مرۆڤە کۆیلەکان)دا هەمان ڕۆڵ لەم ڕۆمانانەدا دەگێڕن و دەبنە هۆی جووڵاندنی کارەکتەرە سەرەکییەکانی هەردوو ڕۆمانەکە.

بگێڕەوەی هەمووشتزان، تەنیا زانیاری لەسەر کارەکتەری سەرەکی لەبارەی دەرەوە و ناوەوە نییە، بەڵکو دەتوانێ وەسفی دەرەوە و ناوەوەی کارەکتەرە لاوەکییەکانیشمان بۆ بکات، چونکە ڕەنگە ((هەندێك جار ئەگەر واپێویست بکات، باس لە وردترین

لایەنی ژیانی کارەکتەر بکرێت، مەرج نییە تەنیا کارەکتەری سەرەکی بگرێتەوە، بەڵکو جاری وا هەیە رووداوی رۆمانەکە وادەکات لاوەکیترین کارەکتەر وردترین لایەنی ژیانی دیاربخرێت)). (شێخانی، 2014، ل41). بەمشێوەیە بگێڕەوە بە ئاسانی دەتوانێ لە کارەکتەرێکەوە بۆ کارەکتەرێکی دیکە بچێ و دیوی ناوەوە و دەرەوەی ئەوانمان بۆ ئاشکرا بکات. بۆ نموونە کاتێك (دێوانە مەمۆ)ی کارەکتەری لاوەکی (نۆرینگ) وەك پیشەی هەمیشەیی شەوانی دەچێتە سەر (بستی هەرمك)، کە تەپۆلکەیەکی (هەوارە بەرزە)یە بۆ زیکر و تەهلیلە کردن، تا گوندەکەیان لە دێو و درنج بپارێزێ، ئا لەو کاتەدا (ونە)ی گاوان لە جێژوانی شەوانیدا، ئاوێنەیەکی بە دیاری پێشکەش بە (کۆچەر)ی خۆشەویستی دەکرد، لەپڕ تیشکی مانگە شەو لەو ئاوێنەیەوە پێچەوانە دەبێتەوە و وەك بریسکەیەك بەر چاوی (دێوانە مەمۆ) دەکەوێ و لەویش وایە کە ئەمە تیشکی چاوی (دێوی گەڕگەڕ)ە و دەکەوێتە دوایان، ئەوانیش بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبن، هەر یەك بەلایەکدا ڕادەکەن و خۆیان حەشاردەدەن. ئەم ڕووداوە (دێوانە مەمۆ) تووشی ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆر دەکات و بەو هۆیەوە دووچاری تایەکی قورس دەبێت و لەکاتی گەڕانەوەیدا بۆ گوند، ((مووچڕکێکی تەزیو و لەشڕچێن، لە بنی پێیەوە هەڵدەسا و لە تەپڵی سەری دەردەچوو... دڵی کەوتە لێدان... لەبەر چرقە چرقی ددانەکانی، چەند ئاخ و ئۆفێکی لەدەم دەرچوو... بەلەرزە لەرز و دڵە ڕاوکێوە، بلەز خۆی لە ماڵێ کوتایەوە)). (بەرزنجی، 2006، ل 143 – 144).

بگێڕەوەی هەمووشتزان جگە لە وەسفکردنی ڕوخساری کارەکتەرە لاوەکییەکان، توانای دەرخستنی دیوی ناوەوەی ئەوانیشی هەیە. ئەوەتا لە (مرۆڤە کۆیلەکان)دا، کاتێك کە (پەریخان) بۆ ژوورەکەی (سارا سامئان)ی خزمەتکاری دەچێ تا شتێکی پێ بڵێ، کە دەرگای ژوورەکەی دەکاتەوە پەیکەرێکی ڕووت دەبینێ، کە (سارا سامئان) بوو تازە لە گەرماو هاتبووە دەر و خەریکی خۆ وشککردنەوە بوو. بگێڕەوەی هەمووشتزان بەم دیمەنە باری دەروونیی (پەریخان)مان بۆ ئاشکرا دەکات، کە ئەمە دەبێتە وەرچەرخان و نیگەرانییەکانی (پەریخان) بەرانبەر بە خزمەتکارەکەی قووڵتر دەکاتەوە: ((چەند ختووکەو خەیاڵێکی مەترسی دار بەگووڕ هاتنە ناو مێشکیەوە: (ئەگەر بەو رووتیە بچێتە ناو خەیاڵی (میرزا)... ! ئەو کاتە من چیم پێ دەکرێ...؟ خوا هاوار و خوا تۆبە...!!). )). (بەرزنجی، 2015، ل72). لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ، کە بگێڕەوەی هەمووشتزان بە ئاسانی دەتوانێ لەدیوی ناوەوە بۆ دیوی دەرەوەی کارەکتەرەکان و بەپێچەوانەکەشی بچێت.

**2- بنیاتی وەسفی ماڵ**

وەسف لەو ڕۆمانانەدا کە بە بگێڕەوەی هەمووشتزان گێڕدراونەتەوە، پانتاییەکی زۆری داگیرکردووە. بگێڕەوە هیچ شتێك ناپەڕێنێ، ئەوەی خۆی بیەوێ بە وردی بۆ خوێنەری ئاشکرا دەکات. (ژیرار ژینێت) لەمبارەیەوە دەڵێت: ((وەسف بێ گێڕانەوە سەختترە لە گێڕانەوە بێ وەسف)). (الکتاب، 2002، ص43)، بۆیە بگێڕەوە بە وەسف جۆری جل و بەرگ و شێوەی ڕوخساری کارەکتەرەکان و دیوی دەرەوە و ناوەوە و ژینگەی کارەکتەر و ڕووداوەکان و ...هتد، هەمووی دەخاتە بەر چاو.

لە ڕۆمانی (نۆرینگ)دا کاتێك (شێخاڵ) لەو بەیانییەی دەیەوێ بۆ ڕاو بچێت، دەست دەکاتە چەند ئەنگوتکە هەویرێك، کە هاوسەرەکەی بۆ نانکردنی ئامادەکردبوون، بۆ ئەسپ و ماینەکەی دەباتە تەویلە و پێیانی دەدات. دوای چەند سەرنجێك لە ئەسپ و ماینەکەی، ((سەیرێکی ئاخوڕە درێژەکەی کرد، کە بەقەد دیواری خانووە جەزیرییەکەدا درێژ ببووەوە. هەر لەنزیك ئاخوڕی وڵاغەکانەوە ڕووی خۆی بۆ لای دەرگاکە وەرچەرخاندەوە، ... بەخۆ و بەچرا ڕەشەکەی دەستی هاتەوە دەرەوە. دوای هەناسە هەڵکێشانێکی کورت، فووی لەچراکە کرد و چوو لەنێو دەلاقە هیس گرتووەکەی دانایەوە)). (بەرزنجی، 2006، ل19 – 20).

بگێڕەوەی هەمووشتزان بێ ئەوەی ڕەوتی گێڕانەوەکەی بوەستێنێ، وەسفێکی تایبەتی ناو ماڵی (شێخاڵ) و کەل وپەل و ئاژەڵەکانمان بۆ دەکات. ئەم برگە وەسفییانە کە تێکەڵی گێڕانەوە دەبن، گێڕانەوەکە بە هەندێك جووڵەی وەسفی دەکرێت، کە ئەستەمە لێك جیابکرێنەوە. ئەم جۆرە وەسفانە لەخانەی وەسفی جووڵاون، کە ئەمەش باشترین شێوەی پەیوەندیی وەسف و گێڕانەوە دەردەخەن. ئەم وەسفەش لەدەرەوەی کاتی گێڕانەوە دانەنراوە، بەڵکو بووەتە بەشێك لە ڕەوتی ڕووداوەکان.

ئەم دیاردەیە لە (مرۆڤە کۆیلەکان)یشدا دووبارە دەبێتەوە، ئەوەتا بگێڕەوەی هەمووشتزان لە وەسفی نێو ماڵی (میرزا حەمەشەریف)دا کاتێك کە (باپیر سەلمان)ی خزمی بە نیازە سەردانیان بکات، ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەکات، کە (میرزا) باری دارایی سەروو مامناوەندییە و خانووی کاشیکراو و خزمەتکاری هەیە: (( (پەریخان) چاوێکی لە کارەکەرەکەی کرد تا دەستبەکار بێ، ئەویش یەکسەر هەڵسایەوە بەر لەهەموو شتێك، دەستی دایە سۆندەی ئاو، کەوتە پاك کردنەوەی حەوش و هەیوان و رارەوەکە... پاشان کەوتە رێکخستنی ژووری میوان. ... گوڕی دەدایە خۆی, سەر مێزو تەپڵەکانی پاك دەکردەوە و کاشیەکانی دەسڕیەوە)). (بەرزنجی، 2015، ل52 – 53).

**3- بنیاتی وەسفی سروشت**

بگێڕەوەی هەمووشتزان بە گوێرەی پێویستیی نێو دەقەکە، وەسفەکان بە کورت و درێژی، گشتی و تایبەتی، پەرش و بڵاوی نێو دەقەکە دەکات. ((پەیوەندی نێوان وەسف و شوێن، پەیوەندییەکی دیاری ناو پرۆسەی گێڕانەوەی ڕۆمانەو ئەوە دەسەلمێنێت کە ڕۆمان بە ئەندازەی ئەوەی هونەرێکی زەمەنییە، ئەوەندەش هونەرێکی شوێنییە و ڕۆماننووس لەڕێی بنیاتی شوێن و وەسفی شوێنەوە دەیەوێت کارەکتەر و ڕووداو، و زەمەنی ڕووداوەکان بۆ خوێنەر ئاشکرا بکات)). (ئەڵوەنی، 2017، ل190).

بگێڕەوەی هەمووشتزان وەسف و دیمەنەکان بۆ ئەوە باس دەکات، تا ڕەوتی گێڕانەوەی ڕووداوەکان خاو بکاتەوە، یان خێرای بکات. بگێڕەوە بە دوور و درێژی و بە گشتی وەسفی سروشتمان بۆ دەکات، بەڵام لە ڕووانگەی کارەکتەری سەرەکییەوە. ئەوەتا لە ڕۆمانی (نۆرینگ)دا، لە دیدی (شێخاڵ)ەوە وەسفی سروشتی ناوچەکەمان بۆ دەکات و دەڵێت: ((سەر لەبەیانیەکی ساف و سوو سارد و زەردە هەتاو و دەشت و ڕاستان و (هەوارە بەرزە) و هەموو گوندەکانی تر، لەگەڵ هەڵم و هەناسەی پێچ و لوولی دۆڵە شاخ و تەڕاویلکەی دارستان و بنارەکاندا تێکەڵ بەیەك ببوون. (ئاسمان دڕە) و گەوە و گردۆلکە و (پیر کەرەم)... کەوتبوونە دەریای پڕیشك و پشکۆی ئاورینگان. (دۆڵە واش) بەدار و بەردیەوە، بەباڵداری پەڕ ڕەنگین و بەرزە فڕیەوە، بەمەل و مەلیچکەی دەنووك ئاڵ و تووك نەرمیەوە... هەموو بەجارێ کەوتبوونە باڵە فڕ و جووکە جووك)). (بەرزنجی، 2006، ل109).

هەمان دیاردە لە دیدی (لالۆ میرزا) کارەکتەری سەرەکی (مرۆڤە کۆیلەکان)دا دووبارە دەبێتەوە، کاتێك خووی بەوە گرتبوو ڕۆژانە لەبەر دڵتەنگی خۆی لە ئاوایی بچێتە دەرەوە و ڕووبکاتە سروشت و دەشت و دەر، لەو شوێنەی کە ڕۆژانە لێی دادەنیشت، بگێڕەوە لە دیدی ئەوەوە ئەم وەسفانەی سروشتمان بۆ دەخاتە بەرچاو: ((بە چاوە کزەکانی سەیری دۆڵ و لوتکە شاخو تلۆفکی دارە گەڵا وەریوەکانی دەکرد. هەندێ جاریش سەرەنجوڕامانی بۆ کەشکەڵانی ئاسمان بەرز دەکردەوە, هەڵۆ بەرزەفڕەکانی دەکەوتە بەچاو ... ئەوەندە بە سۆزو خۆشی سەیری باڵندەکانی دەکرد, وەك بڵێی ئەویش هەوڵ بدا باڵی لێ بروێو لەگەڵ ئەوانا بۆ ڕژدایی ئاسمان بەرز بێتەوە)). (بەرزنجی، 2015، ل171). بە گوێرەی ئەم کۆپڵە وەسفییە، بۆمان دەردەکەوێ کە (لالۆ میرزا) لە سروشتدا باری دەروونی ئاسوودەترە وەك لەوەی کە لەنێو ماڵدایە. بەو مانایەی دەتوانین بڵێین دیمەنی هەر شوێنێك ڕەنگدانەوەی باری ژیانی کارەکتەرەکانیەتی، بە جۆرێك کە دەتوانێ ببێتە فاکتەرێك بۆ ڕەنگدانەوەی هەڵچوونی ئەرێنی، یان نەرێنی لەو دۆخەی کە تێیدایە. ئەو کاتە وشەی پانتایی دەتوانێت چەمکی شوێن بە هەموو ئەرك و واتاکانیەوە لەخۆ بگرێت، لەبەر ئەوەی پانتایی ((گشتگیرتر و بەرفراوانترە لە شوێن و سەرەڕای پەیوەندییەکانی بە ڕووداوەوە تێڕوانینی کارەکتەرەکانیش لەخۆ دەگرێت)). (الفیصل، 1999، ص256).

وەسفەکان لەم ڕۆمانانەدا بوونەتە هۆی خاوبوونەوەی جووڵەی گێڕانەوە، ئەمەش بەندە بە جۆری ڕووانگەوە، هەروەها بوونی چەندین بەسەرهاتی تر لەنێو بەسەرهاتی سەرەکیدا بووەتە هۆی ئەوەی وێڕای ڕووانگەی بگێڕەوەی هەمووشتزان، ڕووانگەی کارەکتەرەکانیش لە چەندین دیمەن و، وەسف و هونەرەکانی تری گێڕانەوەدا بەرچاو بکەوێت و هەموویان لە بەرژەوەندیی ڕووانگەی بگێڕەوەی هەمووشتزاندا بن.

**5. بنیاتی وەسف بە گوێرەی بگێڕەوەی هەمانشتزان:**

**1- بنیاتی وەسفی کارەکتەر**

وەسف وەك بنەمایەکی سەرەکی کارەکتەرسازی لە هەردوو ڕۆمانی (کانگەی بەڵا) و (گۆڕە درەوشاوەکان)دا لەژێر ڕووانگەی بگێڕەوەی کارەکتەر دایە، کە بە جێناوی (من)ی کەسی یەکەمی تاك و بە ڕووانگەیەکی ناوەکی – خودی (کارەکتەری سەرەکی) وەسفی خۆی و کارەکتەرەکانی تر دەکات.

بەمشێوەیە بگێڕەوە بە پیشاندانی کارەکتەری سەرەکی هەوڵدەدات ڕووانگەی ئەم کارەکتەرە بکاتە ڕووانگەی خۆی، هەروەکو لە دراmadا سەرنجی خوێنەر و بینەر تەنیا بەرەو ئەم کارەکتەرە دەچێت، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی کاریگەرترین شێوەی درامی.

وەسفی کارەکتەر لە هەردوو ڕۆمانەکەدا لە شێوەی ڕاستەوخۆدایە، هەروەکو (ریمۆن کۆنان) دەربارەی ئەم شێوەیە دەڵێت: ((زۆربەی ڕۆمانەکانی سەدەی بیستەم لە شێوەی ڕاستەوخۆدان و پیشاندانی کارەکتەرەکان هەڵدەبژێرن و ئەمەش بۆ ڕێزگرتنە لە تواناکانی خوێنەر بەرامبەر وەرگرتن و هەڵسەنگاندن و ئەنجامگیری لەسەر بنەمای ڕەفتارەکانی کارەکتەر فۆرمی خۆی

وەردەگرێت)). (تولان، 1386ش – 2007م، ص164). کەواتە لەم شێوازەدا کارەکتەر، یان لەڕێی خودی خۆیەوە پیشان دەدرێت، یان لەڕێی کارەکتەرێکی ترەوە و زیاتر جێناوی (من) تا جێناوی (ئەو) بەکاردێت.

هەر بۆ نموونە لە ڕۆمانی (کانگەی بەڵا)دا لەوەسفی ڕاستەوخۆی ئەم ڕۆمانەدا، کارەکتەر بە دوو شێوە پیشان دەدرێت:

أ- بنیاتی وەسفی خودیی کارەکتەری سەرەکی:

لەم شێوەیەدا (دارا)ی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانی (کانگەی بەڵا) بە وەسفێکی خودی و بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ وەسفی خودی خۆی و بە ڕووانگەیەکی ناوەکی وەسفی کارەکتەرەکانی تر دەکات. بۆ نموونە (دارا) لە وەسفی خۆیدا بەمشێوەیە باسی ڕوخساری دەکات، کە بەهۆی نەخۆشیەکەیەوە چەندین نیشانەی لێ بەدەرکەوتووە و دەڵێت: ((بەم شێوەیە، نەخۆشیەکەم گەلێ لێ وەگران کەوتبوو، کاری لە هەموو پێستی لەشم کردبوو ، جەستەم هەموو ماك ماك بوو . لە هەندێ شوێنیشا پفکەو وردە دوومەڵ سەریان دەرهێنابوو ئاوو زرزرەیان لێ دەهاتە خوارەوە)). (بەرزنجی، 1988، ل144). بەم شێوەیە (دارا) لە وەسفێکی وەستاودا جەستەی خۆیمان بۆ وەسف دەکات.

بگێڕەوە لەسەر زاری (دارا) دەرخستنی لایەنی دەروونیش فەرامۆش ناکات و دوای ئەوەی کە لەماڵی باوکی لەسەر تاپۆکردنی موڵکەکان کێشە و دەمەقاڵێ دروست دەبێت و (دارا) هەست دەکات ستەمی لێکراوە، بە تەنگەتاوی دەگەڕێتەوە ماڵەکەی خۆی و بگێڕەوە وەسفێکی وردی ناخی ئەومان بەمشێوە بۆ دەخاتەڕوو: ((کەوتمە وردو خەیاڵان ، بەڵام ئاگرێکی ئەوەندە ئەنگێز لەناو دڵ و دەروونم دا هەڵگیرسابوو وەك قاورمە چز چز دەیبرژاندم ، چەندی دەمکرد بەرگەییم نەدەگرت)). (بەرزنجی، 1988، ل114).

ئەم دیاردەیە لە ڕۆمانی (گۆڕە درەوشاوەکان)یشدا بەرچاو دەکەوێت کاتێك کە (پیرۆز) کارەکتەری سەرەکی دوای چاکبوونەوەی لە نەخۆشییەکەی و گەڕانەوەی بۆ کارگە، بەم بۆنەیەوە (یاسین) و فەرمانبەرەکانی دیکە نیوەڕۆ خوانێکی بۆ ساز دەکەن، بەڵام (پیرۆز) هیچ خۆشیی بەم نیوەڕۆخوانە و کۆبوونەوەیە نایەت و بەم شێوەیە باسی کاردانەوە و، وەسفی ڕوخساری خۆی بەرانبەر بە گاڵتە و گەپەکانی (یاسین) دەکات: ((ئەو کاتەش من لە جێی خۆم هەڵسابوومەوە، زەردەخەنەیەکی بەزۆر و نا بەدڵ، لەگەڵ سووربوونەوە شەرماوییەکەی سەر ڕوخسارما تێکەڵ بەیەکتر بوون)). (بەرزنجی، 2008، ل82). لەمەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە کارەکتەری سەرەکی بۆ ئەوەی وا پیشان بدات کە خۆشحاڵە بە نیوەڕۆخوانەکەیان، وەسفی ڕوخساری خۆیمان بۆ دەردەخات و ئەوەش ئاشکرا دەکات، کە ئەم هەڵسوکەوتەی تەنیا بۆ ڕازیکردنی دەوروبەرەکەی بووە.

لە شوێنێکی تری نێو ڕۆمانەکەدا (پیرۆز) باری دەروونیی خۆی وەسف دەکات، کاتێك کە (دلێر) لەگەڵی دانیشتووە و باسی خەبات و تێکۆشان دەکات، هەروەها باسی چۆنییەتی پەروەردەکردنی منداڵ و نەوەکانی خۆی لە داهاتوودا بۆ دەکات و (پیرۆز) دەڵێت قسەکانی ((وەك تیشکی لێزەرێکی ڕوحی، تنۆك تنۆك خانۆچکەکانی مێشکیان دەپێکام، گۆشە تاریکەکانی دڵ و دەروونمیان ڕەوشەن دەکردەوە، دڵۆپ دڵۆپ ڕوح و جەستەیان پڕ لە ئاورینگ دەکردم)). (بەرزنجی، 2008، ل112). لەم پارچە وەسفەدا، کارەکتەری سەرەکی ئەوەمان بۆ دەردەخات کە کاریگەر بووە بە قسەو بیروبۆچوونەکانی (دلێر) و بووەتە مایەی وروژانی هزر و دەروونی.

بگێڕەوە لەبەر ئەوەی هەمانشتزانە و لە ڕووانگەی کارەکتەری سەرەکییەوە وەسفی کارەکتەرەکانی ترمان بۆ دەکات، ناتوانێ ناو ناخی ئەوانمان بۆ ئاشکرا بکات. ئەوەتا (دارا) لە وەسفێکی بابەتیدا وەسفی ڕوخساری باوکی دەکات و دەڵێت: ((ئەمجارەیان گەلێ ڕەنگ زەردو لاواز دەهاتە بەر چاوم . ... وەك کالیارێکی سپیواز ، پێستێکی تەنکی پنتك پنتکی پێدا شۆڕ ببۆوە . ... دڵۆپی فرمێسکان لە هەردوو چاوەکانی دا قەتیس مابوون و لێوەکانی تەتڵەی دەکرد . چەند جارە گەلێك تەڕو پۆشتە بوو ، کەسیەتیەکی ناسکی هەبوو . بەڵام ئەمجارەیان شرووڕ دەهاتە بەر چاوم ، هەردوو دەستەکانی لەرزەك ببوون . وێڕای کەم خۆری و پارێزراگرتنەکەشی لە دوورەوە دیار بوو کە تووشی کارەساتێکی دەروونی هاتوە)). (بەرزنجی، 1988، ل145 - 146).

لە سەرەتای ئەم کۆپلەیەدا بگێڕەوە وەسفێکی تایبەتی ورد و وەستاوی باوکی (دارا)مان بۆ دەکات، دواتر وەسفەکە دەبێتە جووڵاو، کاتێك کە باسی تەتەڵەکردنی لێو و دەستە لەرزۆکەکانی دەکات، لەگەڵ وەسفێکی گشتی، کە بە کەسێکی ناسك و تەڕپۆش وەسفی دەکات. ئەگەرچی ئەم کۆپڵە وەسفییە گوزارشت لە ڕوخساری باوکی (دارا) دەکات بێ ئەوەی ناخیمان بۆ ئاشکرا بکات، بەڵام ئەو ئاماژانەی کە لە وەسفی ڕوخساریدا باس دەکرێن، دەرخەری بارێکی دەروونی قورسە، بێ ئەوەی بگێڕەوە ڕاستەوخۆ باسی بکات.

لە (گۆڕە درەوشاوەکان)یشدا ئەم جۆرە وەسفە دووبارە دەبێتەوە کاتێك کە (بەکر شاربزر) بەشداری لەو نیوەڕۆخوانەدا دەکات، کە بۆ (پیرۆز) ئامادەکرابوو. بگێڕەوە لە ڕووانگەی (پیرۆز)ەوە وەسفێکی وەستاوی وردی ئەومان بۆ دەکات و دەڵێت:

((ڕیویيە زەلامێکی سەر و لمووز باریك بوو، لەبەر جگەرەکێشان، لێوەکانی وەك قەیتانی ڕەشیان لێهاتبوو، مووی پرچە قژن و ڕدێنە تەنکەکەی، بۆز هەڵگەڕابوون، کەڵە مووەکانی سمێڵی نەبێ، ئەوانەی کە کەوتبوونە بەر کونە لووتە قەڵانگانییەکەیەوە، لەبەر دووکەڵی جگەرەوە زەرد دەیانڕوانی، تا ڕادەیەك ڕوومەت و ڕوخسارە چورچ و چەوێڵەکانیان کاڵ کردبووەوە)). (بەرزنجی، 2008، ل83). بەم وەسفە بابەتییە، ڕوخساری (بەکر شاربزر) وا بۆ خوێنەر ئاشکرا دەکات، کە مەزەندەی ئەوە بکات لەهەر شوێنێك ببینێت بیناسێتەوە، لەبەر ئەوەی تایبەتمەندیی بگێڕەوەی هەمانشتزان ئەوەیە کە لەڕووی دەرەوە وەسفی کارەکتەرەکانی ترمان بۆ دەکات و شۆڕنابێتەوە ناخی ئەوان.

ب- بنیاتی وەسفی کارەکتەری سەرەکی لەلایەن کارەکتەرەکانی دیکەوە:

لەبەر ئەوەی ڕۆمان وەك دەقێکی گێڕدراوە ((پێشانگای کارەکتەری نوێیە، لە میانیدا خوێنەر پێیان دەگات و دەیانناسێ و لە ڕۆڵ و هەڵوێستیان دەگات)). (اسماعیل، 1976، ص192)، بۆیە ئەم پێشانگایە بووەتە سەکۆی خۆنمایشکردنی هەردوو کارەکتەری سەرەکی و لاوەکی، کە ئەوەی دووەمیشیان شانبەشانی یەکەم خۆی نمایش بکات و بەپێی ڕۆڵەکەی هەڵوێستی خۆی بەرانبەر ڕووداوەکان دەربخات و وەسفی کارەکتەری سەرەکی بکات.

ئەوەتا کاتێك کە (دارا) ئارەزوی زوو دەوڵەمەندبوون و بەدیهێنانی ئەو ئارەزووەی، تووشی نەخۆشی (شیزۆفرینیا) کرد و بەهۆی رابوواردنیش لەگەڵ ئافرەتاندا تووشی نەخۆشی (سوزەنەك) ببوو، بەم هۆیانەوە دەکەوێتە نەخۆشخانە و لەڕێی گفتوگۆی نێوان دکتۆر و قوتابییەکانیدا، دکتۆر نەخۆشییەکەی (دارا) شیدەکاتەوە و لەوەڵامی پرسیاری قوتابییەکانیدا دەربارەی نیشانەکانی ئەم نەخۆشییە دەڵێت: ((- ئەمانە نیشانەی ئەوەن ، کەوا نەخۆشی یەکە دەیویست لەبارێکی ترسناکەوە بۆ بارێکی ترسناکتر بڕوا... ! ...

ــ یەکێکی تریان پرسی : جا لەباری دواییان ، ئەگەر نەخۆشەکە چارەسەرەی خۆی نەکردایە چی بەسەر دەهات؟

ــ دکتۆری پسپۆڕ وەڵامی دایەوە : ئەنجامی گەلێ رەش دەبوو . بەلای کەمی ئیفلیج دەبوو یان تووشی نەخۆشی جەرگ و فاتەڕەشە ئەستوور بوون و نەخۆشی دڵ دەهات ، یان شێت دەبوو یاخود هەوڵی خۆکوشتنی دەدا)). (بەرزنجی، 1988، ل187). بەمشێوەیە پزیشکە پسپۆڕەکە لەمیانی ئەم گفتوگۆیەدا بە شێوەیەکی ورد و زانستی وەسفی نەخۆشییەکە و کاریگەرییەکانی لەسەر دڵ و دەروونی (دارا) دەخاتەڕوو، بەمەش هەردوو دیوی دەرەوە و ناوەوەی کارەکتەری سەرەکی بەهۆی پزیشکەکەوە بۆ خوێنەر ئاشکرا دەبێت. ئەمەش تایبەتمەندییەکی گفتوگۆیە، کە دەبێ ((پێناسەی کارەکتەرەکانی ڕۆمان بێت، کە هەڵگری سێ تایبەتمەندی گشتییە: ڕوواڵەتی، دەروونی و خوڵقی، کۆمەڵایەتی)). (میر صادقي، 1376، ص164). ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە گفتوگۆ هۆکارێکە بۆ وەسفکردنی دیوی دەرەوە و ناوەوەی کارەکتەرەکان و دەرخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان.

لە (گۆڕە درەوشاوەکان)یشدا، کە بە بگێڕەوەی هەمانشتزان گێڕانەوەی بۆ کراوە، هەمان دیاردە بەرچاو دەکەوێت، کاتێك (نەخشین) و (موژدە)ی کچی دەچنە ماڵی (پیرۆز) بۆ ئەوەی لەوێوە بەیەکەوە بچنە گۆڕستان و چاوەڕێی هاتنی (مامۆستا ئەیاز) بکەن، کە بۆ خوازبێنی (موژدە) دەهات: ((ــ (دایە نەخشین) بەدەم چاك و چۆنکردن و گرژینەوەوە زووتر هەڵیدایێ: هەی هەیتە، (لای لە دایکم کردەوە): بزانە بزانە، کو هەڵەتەمان دەکا.

ــ دایکم بەدەم زەردەخەنەیەکی تەنکەوە، هەردوو دەستەکانی خۆی خستنە سەر یەك، ئاوڕی لە (موژدە) دایەوە: خانم خەریکە بەسۆدرە بچم، ئەگەر تەورداسیش بباریبوایە، ئەوڕۆ هەموو شتەکم یەکلا دەکردەوە)). (بەرزنجی، 2008، ل184 - 185). لەم کۆپلەیەدا بگێڕەوە لە ڕووانگەی کارەکتەری لاوەکی (دلێر)ی کوڕەوە وەك کامێرایەك گفتوگۆ و دیمەنەکانمان بۆ دەگوازێتەوە و وەسفی کارەکتەری سەرەکیش دەکات.

### -2 بنیاتی وەسفی ماڵ

بگێڕەوە وەسفی ماڵ فەرامۆش ناکات، چونکە کارەکتەرەکانی تێدا دەژین. لە ڕێی وەسفی خانوو، و ناوماڵەوە گەلێك لایەنی ژیانی کارەکتەر بۆ خوێنەر ئاشکرا دەبێت. بۆ نموونە لە ڕۆمانی (کانگەی بەڵا)دا کاتێك کە (دارا) وەسفی ناو ماڵ و خانووە تازەکەی ماڵی باوکی دەکات، دەڵێت: ((کە چوومە ژوورەوە ، سەیری حەوش و ڕاڕەوەکانم کرد ، دیم فریز و دارەکان هەموو جۆرە رەنگێکی تەڕی سەوزیان هەڵێنابووەوە ، کاشیەکان ئەوەندە جوان سڕابوونەوە خۆت تیا دەدی)). (بەرزنجی، 1988، ل165 – 166). بەمەش دەردەکەوێت کە باری دارایی ماڵی (دارا) لە سەروو مامناوەندییەوەیە.

ئەم وەسفە لە (گۆڕە درەوشاوەکان)یشدا بە شێوەیەکی تر دووبارە دەبێتەوە، کە لایەنی هەژاری و نەداریی پێوەدیارە، بێ ئەوەی بگێڕەوە بە ئاشکرا باس لەم لایەنە بکات، بەڵام خوێنەر لەمیانی وەسفی خانوو، و ناو ماڵەکەی ئەمەی بۆ دەردەکەوێت.

((رووی له (ناندین)ەكه كرد... كه بريتی بوو له نیوه ژوورێك، هەر له كێشی ئەویشا (سەرشۆرك) و (ئاودەس)ەكه له تەك یەكا به ناوبڕەیەكەوه لەیەك جوێ كرابوونەوه. له دەرەوه هەر وات دەزانی ژوورێكی دوو بەشەش مەتریه و سێ دەرگای بچووكی لێ كراوەتەوه.... دیواری لای كۆڵانێی ببوو به لا دیوارێكی حەوشەكەو له نزیكیەوه دەرگا ژەنگاوییه دوو دەرییه یەك به دووەكەی حەوشه دەهات، كه یەكسەر كەوتبووه سەر كۆڵانه پڕ لەقوڕو چڵپاوەكەوه)). (بەرزنجی، 2008، ل49).

**3- بنیاتی وەسفی سروشت**

شوێن وەك توخمێكی سەرەكی ڕۆمان له وەسف بێبەش نییه و بگێڕەوه لەم ڕێگەیەوه زانیاری زیاتر دەربارەی سروشت به خوێنەر دەدات، ((زیندوێتی وەسفیش ئەو كاته دێته دی، كه گێڕانەوه و گفتوگۆ چیتر توانای پیشاندان و خستنەڕووی شتەكانیان نامێنێت)). (سەعید، 2009، ل131). لەمەشەوه ئەوەمان بۆ دەردەكەوێ، كه ئەركی وەسف له هەردوو تەكنیكی گێڕانەوه و گفتوگۆ جیاوازتره و زیاتر ڕۆڵی دەرخستنی شوێنەكان و پشكنینی پێكهاتەكانیان دەبینێت.

له ڕۆمانی (كانگەی بەڵا)دا ئەم تەكنیكه له چەندین شوێندا بەكارهاتووه، بۆ نموونه شەوێك به مەبەستی دانیشتن و خواردنەوه، هەریەك له (دارا) و (سەرهید) و (مازن) دەچنه سەر ترۆپكی هاوینەهەواری (سەری ڕەش)، بگێڕەوه له ڕووانگەی (دارا)وه وەسفێكی وردی ئەو سروشتەمان بۆ دەكات و زانیاریشمان دەربارەی وەرزی ساڵ و باری كەش و هەوا و ژینگەی ناوچەكه پێدەدات و دەڵێت: (( كەوتبووینه ناو ئاورینگان ... شارێگاكه له (خانزاد)ەوه ژێهەڵ وەك دەسرازەی ڕەنگاورەنگ ، لایەكی سوور سوور لایەكی زەرد زەرد وەكو تیرێژ بەدرێژایی ڕێگادا راكشابوو ...! تا شەو رادەشكا هێمنایی شەو زیاتر باڵی بەسەر تروپكه شاخ و دۆنده بەرزو دۆڵ و نیهاڵەكان دا دەكێشا ، جگه لەشنەی كزەباو جار جار زرینگەی پەرداخ هیچی ترمان نەدەهاته بەر گوێ)). (بەرزنجی، 1988، ل45). بگێڕەوه لەم تابلۆ وەسفییەدا به شێوەیەكی ورد وەسفی ئەو شوێنەمان بۆ دەكات، كه ئەو شەوه لێی دانیشتبوون. بەمەش وا له خوێنەر دەكات وەك بینەرێك ئەو شوێنانەی بێته بەرچاو و چێژی لێ وەرگرێ.

ئەمجارەیان له ڕۆمانی (گۆڕه درەوشاوەكان)دا، وەسفی سروشت هاتووەته نێو دەقەكەوه. ئەوەتا كاتێك (دلێر) و (پیرۆز) دوو ڕۆژ دوای ئاهەنگی هاوسەرگیرییان بەدەم پیاسەوه بەرەو ڕێگەی گشتی (سەری ڕەش) هەنگاو دەنێن و لەسەر كانییەك پشوو دەدەن، بگێڕەوه له ڕووانگەی (دلێر)ەوه ئەم دیمەنانەمان دەخاته بەر چاو: ((چیای (سەفین) و (كڵاو قاسم) و (بەنی هەریر) ... جار جار دەبوون به نهێنییەكی سەرمەدی و له ناو دڵی تەمومژ و كۆتەڵه هەورەكاندا، ڕەنگ و شێوەیان دەگۆڕا... یا لەبەر چاویا دەبوون به پەیسك و پایه، تێكەڵ به دۆند و سمرێتكه تەماوییەكانی (كۆڕەك) و (گۆرەز) و (نەواخین)ەوه دەبوون... (گەلی بێخمه و دەشته دیان)یان له ناو سێبەر و نسێی خۆیانا دەخەمڵاند)). (بەرزنجی، 2008، ل125). بگێڕەوه به شێوەیەكی بابەتی له ڕووانگەی (دلێر)ەوه وەسفێكی وردی سروشتمان دەخاته بەرچاو، ئەم وەسفانه به مەبەستی خاوكردنەوەی ڕەوتی ڕووداوەكان و كاتی گێڕانەوه دێنه نێو دەقەكەوه.

بەم شێوەیه له كۆتایی ئەم بەشەدا ئەوەمان بۆ دەردەكەوێت، كه (حسام بەرزنجی) له هەردوو ڕۆمانی (نۆرینگ) و (مرۆڤه كۆیلەكان)دا وەسفەكانی لەڕێی بگێڕەوەی هەمووشتزانەوه پێشكەش دەكات، له ڕۆمانەكانی (كانگەی بەڵا) و (گۆڕه درەوشاوەكان)یشدا وەسفەكان لەڕێی بگێڕەوەی هەمانشتزانەوه دەگوازێتەوه.

**6. ئەنجام:**

1- وەسفی دەرەكی لەڕێی بگێڕەوەی هەمووشتزان و هەمانشتزانەوه پێشكەش دەكرێت و بگێڕەوەی كەمشتزان بۆی نییه وەسفی كارەكتەرەكان بكات، به تایبەتی وەسفی دەروونی، ئەگەر وەسفێكی دەرەكیش هەبێت ئەوا ئەم بگێڕەوەیه لەزاری خودی كارەكتەرەكانەوه دەیگوازێتەوه بۆ خوێنەر.

2- له وەسفی دەروونی ناوەكیدا وەسفەكان لەلایەن هەردوو جۆری بگێڕەوەی هەمووشتزان و هەمانشتزانەوه دادەمەزرێت، به جۆرێك كه بگێڕەوەی هەمووشتزان لەتوانایدا هەیه وەسفی باری دەروونیی هەموو ئەو كارەكتەرانه بكات كه خۆی بۆ ئەم مەبەسته هەڵیاندەبژێرێت، كەچی بگێڕەوەی هەمانشتزان تەنیا دەتوانێ وەسفی باری دەروونیی كارەكتەری سەرەكی بكات.

3- وەسفی دەروونی ئاوێتەش تەنیا لەڕێی بگێڕەوەی هەمووشتزانەوه ئەنجام دەدرێت، كه دەسەڵاتی ئەوەی هەیه لەهەمان كاتدا وەسفی دەرەوه و ناوەوەی كارەكتەرەكان و پێچەوانەكەشی بكات.

4- بنیاتی وەسف لە هەردوو ڕۆمانی (نۆرینگ) و (مرۆڤە کۆیلەکان)دا لەلایەن بگێڕەوەی هەمووشتزانەوە بۆ وەسفکردنی هەردوو دیوی دەرەوە و ناوەوەی کارەکتەر و ماڵ و سروشت دامەزراوە. ئەم بگێڕەوەیە دەسەڵاتێکی بێ سنووری لە وەسفکردنی هەموو توخمەکانی ڕۆماندا هەیە.

5- بنیاتی وەسف لە هەردوو ڕۆمانی (کانگەی بەڵا) و (گۆڕە درەوشاوەکان)دا لەلایەن بگێڕەوەی هەمانشتزانەوە دامەزراوە. ئەم بگێڕەوەیە بە چاوی کارەکتەری سەرەکی وەسفی کارەکتەر و ماڵ و سروشت دەکات.

6- نووسەر لە بنیاتی وەسفی نێو ڕۆمانەکانیدا، پەنای بۆ بگێڕەوەی کەمشتزان نەبردووە.

## 7. لیستی سەرچاوەکان:


**سەرچاوە کوردییەکان:**

ئەڵوەنی، نەجم خالید، کارەکتەرسازی لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلیدا، چ(1)، چاپخانەی موکریان، هەولێر، 2009.

ئەڵوەنی، نەجم، تیۆری کۆمەڵناسیی ڕۆمان، چ (1)، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، 2017.

بەرزنجی، حسام، ڕۆمان، کانگەی بەڵا، چ(1)، چاپخانەی الحوادث، بەغدا، 1988.

بەرزنجی، حسام، ڕۆمان، گۆڕە درەوشاوەکان، چ(1)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، 2008.

بەرزنجی، حسام، ڕۆمان، مرۆڤە کۆیلەکان، چ(1)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، 2015.

بەرزنجی، حسام، ڕۆمان، نۆرینگ، چ(1)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، 2006.

دەوڵەت، مەریوان عومەری، سیما و خەسڵەتی کارەکتەر لە کورتە چیرۆکی کوردی، لەنێوان ساڵانی (1925 – 1950) چاپخانەی دیلان، سلێمانی، 2011.

سابیر، پەرێز، بیناى هونەری چیرۆکی کوردی – لەسەرەتاوە تا کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی- دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2001.

سەعید، جەلال ئەنوەر، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلیدا، چاپخانەی کەمال، سلێمانی، 2009.

شێخانی، جەوهەر، بنیاتی کارەکتەر لە ڕۆمانەکانی حسێن عارفدا، چ(1)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، 2014.

عارف، حەمە کەریم، دەربارەی ڕۆمان و چیرۆك، چ(1)، چاپخانەی ئەرابخا، کەرکووك، 2008

محەمەدساڵح، تەنیا ئەسعەد، بینای شوێن لە دوو نموونەی ڕۆمانی کوردیدا (هێلانە – ئەژدیها) چ(1)، چاپحانەی سەردەم، سلێمانی، 2011

سەرچاوە عەرەبییەکان:

ابراهيم، عبدالله، البناء الفني لرواية الحرب في العراق، ط (1)، دار شؤون الثقافة العامة، بغداد، 1990.

اسماعيل، عزالدين (د)، الادب وفنونه، ط (6)، دار الفكر العربي، مطبعة السعادة، القاهرة، 1976.

بوتور، ميشال، بحوث في الرواية الجديدة، ترجمة فريد انطونيوس، منشورات دار العويدات، بيروت - لبنان، 1971.

جرييه، الان روب، نحو رواية جديدة، ترجمة: مصطفى ابراهيم مصطفى، دار المعارف، مصر – القاهرة، (د. ت).

جينيت، جيرار، خطاب الحكاية بحث في المنهج، ترجمة محمد معتصم و عبدالجليل الازدي، وعمر الحلي، المجلس الاعلى للثقافة، القاهرة، ط (2)، 1998.

رايمون، ميشيل، التعبير عن الفضاء، مقال منشور ضمن كتاب الفضاء الروائي، تأليف مجموعة من الكتاب، ت: عبدالرحيم حزل، منشورات افريقيا الشرق، الدار البيضاء – المغرب، بيروت – لبنان 2002.

العاني، شجاع مسلم، البناء الفني في الرواية العربية في العراق، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد – العراق، 1994.

عزام، محمد ، شعرية الخطاب السردي، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق، 2005.

العيد، يمنى، تقنيات السرد الروائي في ضوء المنهج البنيوي، ط (1)، دار الفارابي، بيروت، 1990.

الفيصل، سمير روحي، بناء الرواية العربية والرؤيا، اتحاد الكتاب العرب، دمشق، 1999.

قاسم، سيزا احمد، بناء الرواية، دراسة مقارنة لثلاثية نجيب محفوظ، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة، 1994.

الكتاب، مجموعة من: الفضاء الروائي، ترجمة: عبدالحليم حزل، منشورات افريقيا الشرق، الدار البيضاء – المغرب وبيروت – لبنان، 2002.

كريس، نانسي، تقنيات كتابة الرواية، ترجمة: زينه جابر ادريس، الدار العربية للعلوم ناشرون، ط (1)، بيروت، 2009.

لحمداني، حميد، بنية النص السردي من منظور النقد الادبي، مركز الثقافة العربي، ط (3)، الدار البيضاء، 2000.

محبك، احمد زياد، متعة الرواية (دراسه نقدية ونوعية)، ط (1)، دار المعرفة، بيروت - لبنان، 2005.

محفوظ، عبداللطيف، وظيفة الوصف في الرواية، الدار العربية للعلوم ناشرون، ط (1)، بيروت، 2009.

موير، ادوين، بناء الرواية، ترجمة: ابراهيم الصيرفي، مراجعة: الدكتور عبدالقادر القط، الدار المصرية للتأليف والترجمة، (ب.م)، 1965.

سەرچاوە فارسییەکان:

تولان، مايكل، روايت شناسى درامدي زبان شناختي – انتقادي، ت: سيده فاطمه علوى و فاطمه نعمتى، سازمان چاپ و انتشارات وزارت فرهنگ وارشاد اسلامى، تهران، (1386ش – 2007م).

مستور، مصطفى، مبانى داستان كوتاه، چ(2) ، نشر مركز، تهران، 1384.

مير صادقى، جمال، عناصر داستان، چاپخانەی بهمن، چ(3)، تهران، 1376.

**بنية الوصف وفق أنواع الراوي في روايات حسام البرزنجي**

**حسن يوسف كريم**

-كلية اللغات- قسم اللغة الكوردية / جامعة صلاح الدين-اربيل

**ملخص**

تسعى هذه الدراسة إلى إبراز أهمية تقانة الوصف في روايات الكاتب. إذ يعد الوصف مكوّناً من المكونات الجوهرية للفن الروائي، وهو يرتبط بالشخصيات و مكان وزمان الحدث الروائي، حسب نوع الراوي و سلطته داخل النص الروائي. وقد تعامل النقد الأدبي الكلاسيكي و الحديث مع الوصف تعاملاً مختلفاً باختلاف النصوص الروائية وتعدد الرؤى النقدية السردية.

لا يخلو أي نص روائي من الوصف الذي يشكل مع الحوار الأساس الراسخ لعمليات سرد النصوص الروائية.

يقوم الراوي بوصف مسهب ويتوقف طويلاً عند بعض الأحداث والتفاصيل، ويجمل القول في بعض الأحداث الأخرى، فيمرّ عليها مروراً سريعاً، ويعتمد على الوصف المتحرك أحياناً وعلى الوصف الجامد في أحايين أخرى، وكل ذلك من أجل تقديم منظور سردي جميل مشوق للقارئ.

اقتضت طبيعة البحث تقسيمه على فصلين؛ يتألف الفصل الأول الذي خصّصه الباحث للحديث عن بنية الوصف وفق أنواع الراوي، من مبحثين: تحدث الباحث في المبحث الأول عن الوصف الخارجي، واشتغل في المبحث الثاني على الوصف الداخلي.

وخُصِّص الفصلُ الثاني لتحليل الوصف، وبيان وظائفه وجمالياته في الروايات المدروسة وفق نوعي الراوي الكلي العلم والراوي المصاحب للشخصية، او مايعرف بالراوي المصاحب او الراوي الذاتي. وانتهت الدراسة بأهم النتائج التي توصل إليها الباحث.

**الكلمات الدالة:** الوصف، الراوي، الكلي العلم، المصاحب للشخصية، البرزنجي.

**Structural Description According to the Types of Narrator in the Novels of Husam Barzanji**

**Hasan yousif kareem**

College of Languages / Salahaddin University-Erbil

**Abstract**

This study is an attempt to highlight the importance of the Technical description in the novels of Husam Barzanji. As the description is one of the essential components of narrative art, it is related to the characters, location and time of the narrative event. Classical and modern literary criticism dealt with the description differently with different narrative texts and multiple narrative critical visions , while Description together with the Dialogue form the backbone of the narrations.

This research consists of two sections. First section is about the structure of the description according to the types of narration. It consists of two axis . The first deals with external description, and the second with the internal description.

Second section is devoted to the analysis of the description, it specifies its functions and aesthetics in the narratives studied according to the two types of narration, Description and Dialogue.

The research ends with some conclusions and a list of the references used.

**Keywords:** Description, Narrator, Omniscient, Seif-narrator, Barzanji.